# "فەیلەسوفەکانی" داماوی لە کام لا وەستاون.

**وەڵامێك بە مەریوان وریا قانع.**

**شەماڵ علی**
shemalali@yahoo.com

**مەریوان وریا قانع لە هاوڵاتی ژمارە 207دا ویڕای گلەیی‌کردن لە ناسیۆنالیزمی کورد لە مەنفاو لە پارچە پارچەیی ولاوازی گوتاری سیاسی ئەم جووڵانەوەیە هیرشی کردۆتە سەر خواستی سەربەخۆیی کوردستان‌و بە زادەی نەزانی‌و بێ‌ئاگایی لە قەڵەمی داوە. وەك یەکێك لەوانەی کە بەرگری لەم خواستە بە ئەرکی خۆی دەزانێت، بە بە پیویستم زانی کە کورتە وەڵامێکی بدەمەوە.**

**مەریوان چ لەو جێگایەی کە خواستی سەربەخۆیی بە پەیامی کوردی مەنفا دادەنێت‌و چ بەوەی عەجز وبێ‌توانایی جووڵانەوەی ناسیۆنالیستی کوردی بەگشتی‌و ئەم جووڵانەوەیە لە مەنفا بە تایبەتی دەکاتە بیانووی ئەوەی ئەم خواستە بە ناواقعی دابنێت، زولمێکی گەورە لە حەقیقەت دەکات‌و بیەوێ یان نەیەوێ لە هەیئەتی داکۆکی‌کارێك لە سیاسەتی ئەحزابی دەسەلاتداردا دەردەکەوێت تا ئەوەی وەك ڕۆشنبیرێکی بێ‌لایەن وحەقیقەت دۆست خۆی بنوێنێت.**

**نە خواستی سەربەخۆیی کوردستان بە تەنها خەون و بانگەشەی ناسیۆنالیزمی کورد و -لەویش بەرتەسکتر- (ناسیۆنالیزمی کورد لە مەنفا)یەو نە پارچە پارچە بوونی ئەم جووڵانەوەیە لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان ئەم خواست وبانگەشەیە دەکاتە خەون وزادەی نەزانی‌و بێ‌ئاگایی. هەڵگێڕانەوەی ڕاستی‌یەکان بەم جۆرە دوورە لەوەی نیشانەی بێ‌ئاگایی و بێ‌خەبەری مەریوان بێت. ئەو بۆیە ئەم بانگەشەیە دەکاتە پەیامی "مەنفا" تاکو خودی داواکاری و پەیامەکە نەفی بکات.**

**جێگای سەرنجە کە ناڕەزایەتی مەریوان نەك لە بەرزنەکردنەوەی ئەم خواستەو هەڵنەگیرسانی خەباتی هەمەلایەنە بۆ وەدی‌هینانی بەڵکو لە بانگەشەی سەربەخۆیی‌یەو ئەو مەحکوم دەکات. کەس چاوەڕوانی لەوە نییە ئەو وەك ڕۆشنبیرێکی پۆست مۆدیرنیست کتێب‌و قەڵەمەکەی جێ‌بهێڵێت‌و بە شوێن وەڵامی ئەم پرسەدا وێڵ بێت کە چۆن دەکرێت ئەم خواستە دێرین‌و قووڵەی جەماوەری بەرینی خەڵکی کوردستان بێتە دی؟ بە شوێن کانگاکانی هێزی جەماوەردا بگەڕێت‌و ڕۆشنی بکاتەوە کە چۆن دەکرێت ئەم هێزە بهێنرێتە مەیدانەوە. چاوەڕوانی وەڵامی پرسی گەورە لەم بەرێزە بێ‌هودەیە. بەڵام خۆ دەکرا مەوقفێکی ئەخلاقی بەرزتر لە بەرامبەر خواستی ڕزگاربوون لە دەست ستەمی نەتەوایەتی چەندین ساڵەو ترسی جەماوەر لە دووبارە گێڕانەوەی ئەم ستەمە کە ئەمڕۆ بە ناچار لە فۆرمی بانگەشەی سەربەخۆبووندا دەردەکەوێت وەربگرێت. خۆ دەکرا لە جیاتی شان هەڵتەکاندن و گاڵتە کردن بە داوای سەربەخۆیی کەمێك لە کارکردی سیاسەتەکان‌و نەخشە دەستی ئەنقەستەکانی ئەحزابی دەسەڵاتدار وورد بووایەتەوە وبیبینیایە کە ئەوە خودی ئەحزابی دەسەڵاتدار وسیاسەتی ڕەسمی‌یانە کە بەربەستی بەردەم چوونە پێشەوەی هەوڵەکان‌و هاتنە مەیدانی جەماوەرە بۆ تەحقیقی ئەم خواستە، نەك نەبوونی پسپۆڕو شارەزای سیاسی. یانی مەسەلەکە کەم کاری ناسیۆنالیزم‌و**

هەژاری لە بیرکردنەوەو نەخشە داڕشتندا نىیە، قازانجی سیاسیی و نەخشەی سیاسىیە کە بۆتە بەربەستی وەدیهاتنی ئەم خواستە.

مەریوان بە ووتنەوەی ئەوەی کە (*کوردێك پەیدا ناکەیت کە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی پێخۆش نەبێت....ئەمە بڕیارێك نىیە بە تەنها خەڵکی کوردستان بۆی بدرێت، ئەگەر مەسەلەکە بەم سانایىیە بوایە لەمێژ بوو جیابووبووینەوە....*) لە ڕاستیدا هەمان قەوانی ئەو حزبانە لىدەداتەوە کە ساڵەهایە بەرژەوەندیو چارەنووسی خەڵکی کوردستانیان کردۆتە قوربانی قازانجی بەرتەسك وئاسۆتەنگبینی خۆیان، ئەمە هەمان قسەی عامیانە و سروودی " کوێرە چیت دەوێت دوو چاوی ساغ، بەلام دەسەلات نىیە و هەر ئەوەندەمان پىدەکرێت"ە کە ویردی سەرزمانی ئەحزابی دەسەلاتدارەو مەعلوم نىیە دووبارە کردنەوەی ئەم قسە پووچانە ڕۆشنبیرو ڕۆشنبیریی بۆ چىیە؟

بە بڕوای من گرفتێکی گەورەی مەریوان ئەوەیە کە پیکهێنانی دەوڵەت تەنها بە کاری ناسیۆنالیزمی کورد دەزانێت، کۆمەڵگا و نیازو خواستەکانی وەك بوونێکی گەورەتر لە بوونی جووڵانەوەی ناسیۆنالیستی کوردو حیزبەکانی نابینێت. کوردستان ئەگەر دەبێتە دەوڵەت لای مەریوان ئەمە تەنها دەتوانێت ئەلقەیەکی پرۆسەی بە نەتەوە کردنی کورد بێت لە لایەن ناسیۆنالیزمی کوردەوە. مەریوان هەر لە ڕوانگەی ناسیۆنالیستێکەوە بۆ خواستی سەربەخۆیی دەڕوانێت هەر بۆیە ناتوانێت پەی بە ناوەرۆکە ئینسانی وئازادیخوازىیەکانی ئەم خواستە بەرێت.

مەریوان وپۆست مۆدیرنیستەکانی کوردستان سەرەڕای ئەوەی هەمیشە لە هەوڵدا بوون تاکو وا دەرکەون کە قاڵبی هیچ ئایدۆلۆجیایەکیان قەبووڵ نىیەو بیرو ڕخنەی ئازادی خۆیان لە تەلبەندی هیچ سیستەمیکی فیکری زیندانی ناکەن، بەلام لە هەمووان زیاتر دیلی ناسیۆنالیزمو کوردایەتین. هێندە یەخسیری دەبڕینو لێکدانەوەو چەمکەکانی ئەم ئایدۆلۆژیایەن تەنانەت هەست بە دیلێتی خۆیان ناکەن. لای ئەوان دنیای سیاسەت لە کوردستان جگە لە کوردایەتی هیچی تری تیا نىیەو هەوڵی خەلاقانە ومێژووسازانەی جەماوەر ناتوانێت لە هیچ دەربڕینو جووڵانەوەیەکی تردا خۆی بنوێنىو وەك خۆیان مەحکوم بەوەیە دیلی ناسیۆنالیزم و عەیبەکانی بێت.

سەربەخۆیی کوردستان یان دروستتر بەرگرتن بە دووبارە فەرزبوونەوەی ستەمی میلىو ڕزگاربوون لە دەست سەرگەردانىو تەخەلوفێك کە یەکلانەبوونەوەی چارەنووسی کوردستان و دەسەلاتی موتلەقی ئەحزاب هێناویەتی. خواستێکی قووڵی جەماوەرە کە لە مێژووی سیاسی کوردستانداو بە تایبەت لەم ساڵانەی دوایىدا ئەوەی پەیامو وەلامێکی کارسازی بەم خواستە هەڵگرتووە چەپو کۆمۆنیزمی کوردستان بووە. ئەگەر ناسیۆنالیزمی کوردو حزبەکانی نە بەم خواستەو نە بە هیچ خواستێکی تری ڕەوای کۆمەلانی خەڵك وەلامیان نىیە، ئەگەر پێکهینانی دەوڵەتی کوردىو لکاندنی شوناسی ئەتنیکی بە دەوڵەتەوە، لەم ڕۆی دنیادا، گەڕانەوەیە بەرەوپاشو ناتوانێت لە ئاستی نێو نەتەوەیی لایەنگری دلسۆزو بىمەرام بۆ خۆی پەیدا بکات، ئەوا خەڵکی کوردستان نە مەحکومن بەوەی هەموو ئایندەی خۆیان لە دەستی ئەم جووڵانەوەیەو حزبەکانىدا بە

بارمتە بهێلنەوەو نە پیویستیان بەوەیە جووڵانەوەی ئازادیخوازانەو مافخوازانەی خۆیان لە قالبی مەقوولاتە سواوەکانی ئەم جووڵانەوەیەدا ئەسیر بکەن. خەڵکی کوردستان ڕەوینەوەی یەکجارەکی تارمایی دووبارە بوونەوەی ستەمی نەتەوایەتییان دەوێتو لەم ڕۆی عیراقدا ئەم مافە سادەو ڕەواو جیهان پەسەندە لە ڕێگای جیابوونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەوڵەتێکی غەیرە قەومی(ئەتنیکی)و مۆدیرنو سکولارەوەو تەنها لەم ڕێگایەوە قابیلی وەدیهاتنە. ئەگەر جووڵانەوەی کوردایەتی دەوڵەتی کوردی بۆ پێکنایەت ئەوا ڕەخنە لێی دەبێ ئەم دەروازەیە بە ڕووی خەڵکدا بکاتەوەو ئەم ڕێگایە نیشان بدات، دەنا ئەم گلەیی گازندانە و ئەم بابەتە "ڕەخنەیە" کە مەریوان دەیگرێت جگە لە بیانوو هێنانەوە بۆ سەوداکاری حزبە ناسیۆنالیستییەکانی کوردستانو بانگەشەی جەماوەر بۆ تەسلیم بوون بە سیاسەتی ئەوانو واقعی ئێستا هیچی تر نابێت.

لە سەروبەندی سیناریۆی هەڵبژاردنەکانی عیراق و هەولو پەلەقاژەی ئەحزابی دەسەڵاتداری کوردستاندا تەحلیلاتو لێکدانەوەی وەك ئەمەی مەریوان هەوڵێکی ترەو دەچێتە پاڵ تەبلیغاتە ڕۆوونکەرەکانی ئەم حیزبانە. ئەمەش نە تازەیەو نە مایەی سەرسوڕمانی ئەوانەیە کە بە دیققەتەوە شوێنپێی دەوروکارکردی پۆست مۆدیرنیستەکانی کوردستانیان هەڵگرتووە.

لە ماوەی چەند ساڵی دەرکەوتنی مەریوان وهاوەڵەکانیدا هەمیشە ڕەخنە لە دەستی ئەم بەڕێزانەو لە سیستەمی فیکرییاندا لە ئامرازی ئاڵوگۆڕو بە شۆڕشکێشانی واقعەوە گۆڕاوە بە هونەری تەبریر کردنی واقعی هەبووو بانگەشە بۆ هیچ نەکردن. پۆست مۆدیرنیستەکانی کوردستان فەیلەسوفی داماوین، وەستای نیشاندانی نیوەی بەتاڵی پەرداخەکەن، بانگەشەکەری پاسیڤیزمو خۆخواردنەوەو لاواندنەوەی شکستەکانن. نموونەکانی وەك هەڵوێستیان سەبارەت بە کوشتاری خێڵی حەمەو تەقینەوەکانی ساڵی پاری هەولێر شایەتی دەدەن کە ئەوان ئەپۆلۆجیستی دزێو ترین دیاردەکانی کۆمەڵگای ئێمەن. ئەوان بۆیە واقع نیشان دەدن ولە ئاوێنەی تیۆری خۆیاندا چرچییەکانی روخساری کۆمەڵگامان بۆ وێنا دەکەنەوە، تاکو لەگەڵیان ڕامان بێننو پێمان بڵێن هیچی باشتر لەوەی کە هەیە ناکرێت. "ڕۆشنگەرییەك" کە ئەوان چەند ساڵە دەیکەن توولە ڕێیەکی پێچاوپێچەو ڕەخنەی واقعی خەڵك بە ڕێگایەکی بێکۆتاییدا بەرەو ناشوێنئاوا دەبات. بەرهەمی ئەم ڕۆشنبیرییەو کارکردی چەندین ساڵەی ئەم ڕۆشنبیرانە، پەروەردە کردنی نەوەیەك لە لاوی بێئومیدو ئیفلیجە لە ڕووی سیاسییەوە کە سەرەڕای خواست و چاوەڕوانییە بەرزەکانی کەم تەئسیر ترین توێژی کۆمەڵگای کوردستانە.

من هیچ گومانم لە شەرافەتی شەخسی مەریوانو هاوەڵەکانی نییە، بەڵام پێم وایە ئەگەر ئەحزابی کوردی بیانویستایە نووسەر وئەپۆلۆجیستی باش بۆ سیاسەتەکانیان پەیدا بکەن، تاکو بە کۆمەکی ئیعلامی سەراپا گێژکەریان جەماوەر ئەسیر بکەن، لە پۆست مۆدیرنیستەکان، لە مەریوانو هاوەڵەکانی، باشتریان نەدەدۆزییەوە.

23-1-2005